# گەردەلولی دەریا

رزگار شەیبان

بۆ شەپۆلە ترسناکەکانی

دەریای شاری سانتاکرۆزی مەکسیك

گەردەلولی

**شەپۆلی تورەی ئەم دەریایە**

زۆر ئاستەمە لەگەڵیا رووبەروونەوە،

گەر خۆشەویستی قەلغانت نەبێت و

قاقای پێکەنینی منداڵێکی (چیاپاس)

تۆنەی موسیقات نەبێت و

بریقەی موورووی ملوانکەی گەردنی کیژێکی چیاپاس

تیشکی بینایی چاوەکانت نەبێت و

بۆنی گەڵای گوێسوانەی کوخێکی دوای بارانیش

هەناسەت نەبێت،

زۆر ئاستەمە رووبەروونەوە

لەگەڵ ئەم دەریایە...

گەر

جوانی سرووشت،

سەوزی جەنگەڵ، و سەمای گەڵا بۆ کزە با و

ماچی تەمومژ بۆ شاخ و

سنگی دۆڵ بۆ بۆ فرمێسکی خۆشەویستی باران،

لە زەردەی ئێوارانیشدا

چاوەروانی خۆر بۆ دواین ماچی

ماڵئاوایی لە هەوری ئاسمان

سنووری هەستەکانت بێت،

گەردەلول

خۆی بە چۆکدا دێت و

شەپۆلەکانیش ئەبنە کەشتی

ئەت بەن بەرەو ئەو جێگایەی کە تۆ ئەتەوێت.

07 September 2002
Rezgar Shaiban

www.kurdistannet.org